Kurdish Sorani

scottish refugee council

# ئافرەتان:

# یارمەتیت بۆ دابین دەکرێت ئەگەر لە لایەن هاوسەرەکەتەوە یان ئەندامێکی خێزانەکەتەوە دوچاری دەستدرێژی ببیت

---

**دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ چییە؟**

دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ بریتیە لە دەستدرێژی و توندوتیژیی لە لایەن هاوسەرێکی نزیکەوە یان لە لایەن ئەندامی خێزانەکەوە. حکومەتەکانی سکۆتلەندا و بەریتانیا ئاگادارن کە چەندین جۆر و شێوازی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ هەیە. لەوانە دەستدرێژی و توندوتیژیی:

- سۆزداری (عاتیفی)؛
- جەستەیی؛
- سێکسیی (جنسی)؛ یاخود
- دارایی (پارە)؛

دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ لە هەر کاتێکدا بێت دەشێت دوچاری هەر کەسێک ببێت، بێگوێدانە ئەوەی ئایا توخمی کەسەکە چیە (نێرینە یان مێینە) یاخود ئایا باری ئارەزووی سێکسیی چیە. ئەگەرچی پیاو و ئافرەت هەردووکیان دوچاری دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ دەبن، بەڵام زۆربەی قوربانییەکانی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ بریتین لە ژنان و منداڵان.

ئەگەر تۆ دوچاری ئەم جۆرە ڕەفتارە بوویت، گرنگە ئەوە بزانیت کە دەتوانیت داوای یارمەتی و پشتگیری بکەیت. دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ هەمیشە کارێکی ناپەسەندە و ڕێگەی پێنادرێت. نەخۆشخانەکان، پارێزەرەکان (موحامییەکان) و پۆلیس زۆر بە جیددی دەڕواننە خەبەردان لە مەسەلەی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ.

**چۆن دەتوانرێت یارمەتیت بدرێت؟**

Scottish Refugee Council (سکۆتیش ڕیفیوجی کاونسڵ - ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندا) پابەندە بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی هەستیارانە بۆ هەر کەسێک کە دوچاری دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ بووبێت. ئەگەر تۆ پێمان بڵێیت کە دوچاری دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ بوویت، ئێمە زۆر بە جیددیەوە لێی دەڕوانین بێگوێدانە ئەوەی ئایا ڕەفتارەکە چ جۆر و شێوازێک بووە.
سکۆتیش ڕیفیوجی کاونسڵ دەتوانێت بە ئەم ڕێگانەی خوارەوە یارمەتیت بدات:

- ئێمە دەتوانین کارمەندێکی کەیسوەرکەری ئافرەتت بۆ تەرخان بکەین ئەگەر تۆ پێت باشتربێت کە مەسەلەکە لەگەڵ ئافرەتێکی تردا باس بکەیت؛

- هەروەها ئەگەر بتەوێت ئێمە هەوڵ دەدەین کە موتەرجیمێکی ئافرەتت بۆ ڕێکبخەین؛

- هەموو ئەو زانیاریانەی تۆ پێمانی دەڵێیت ئێمە بە نهێنی دەیانپارێزین. ئەو شتانەی تۆ پێمانی دەڵێیت، ئێمە بە بێ ڕەزامەندیی خۆت لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا باس و تاوتوێی ناکەین. لەوانە تەنانەت لەگەڵ هاوسەرەکەشتدا باسی ناکەین. ئێمە تەنها لە حاڵەتێکدا دەبێت بە کەسێکی تر بڵێین ئەگەر تۆ خۆت یان منداڵەکانت هەر ئێستاکە لە ژێر مەترسیی جەستەییدابن؛

- ئێمە دەتوانین پەیوەندییت بۆ ڕێکبخەین لەگەڵ ئەو دەزگا پسپۆڕ و تایبەتمەندانەدا کە دەتوانن پشتگیریی سۆزداری و ڕێنمایی و ئامۆژگاریت دەربارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ بۆ دابین بکەن؛

- ئەگەر بە هۆی مەسەلەی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ دەتەوێت ماڵ و خانووبەرەکەی ئێستات بەجێبهێڵیت، ئێمە دەتوانین زانیاری و ئامۆژگارییت پێبدەین دەربارەی ڕێگەکانی بەدەستکەوتنی خانووبەرەی تر؛

- ئەگەر بە هۆی مەسەلەی دەستدرێژی و توندوتیژیی ناوماڵ هاوسەرەکەت بەجێبهێڵیت، دەشێت بتوانیت کە بە ناوی خۆتەوە داوای پەنابەری بکەیت. ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین کە پەیوەندی بە نوێنەرێکی یاساییەوە (موحامییەکەوە) بکەیت کە دەتوانێت سەبارەت بە ئەو مەسەلەیە ئامۆژگارییت بکات.

**The Scottish Refugee Council** 5 Cadogan Square
(170 Blythswood Court) Glasgow G2 7PH
**تەلەفۆن:** 0141 248 9799
**ئیمێڵ:** info@scottishrefugeecouncil.org.uk
**ماڵپەڕ:** www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ژمارەی تۆمار وەکو ڕێکخراوێکی خێرخوازی: SC008639